گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No. 3029 (PP 256-271)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.17

توێژینەوە

# سرووش و زایەڵەی ئاواز و پێرفۆڕمەنسی دەنگ و تەڕەب لە نێو شیعرەکانی سافیدا

**سرود فؤاد محمد سەڕاج/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

**آمانج غازی شاكر آغا/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

## پوختە

توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە پشت بە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی دەبەستێت و کۆمەڵێک ڕەهەندی موزیکیی پەیوەست بە ناوەڕۆکی شیعرەکانی سافی بە دیدێکی موزیکیی ڕاڤە دەکات. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە (سرووش و زایەڵەی ئاواز و پێرفۆڕمەنسی دەنگ و تەڕەب لە نێو شیعرەکانی سافیدا) خوێندنەوەیەکی شیکاریی، هونەریی، موزیکییە لەسەر ئەو گۆرانی و بەرهەمە هونەری و هەروەها ئەو بابەتە تەسەوفییانەیە کە هەوێنی دەقەکانیان لە شیعرەکانی سافی شاعیرەوە هەڵێنجراون. گرفتی تویژینەوەکە بریتییە لەو ناڕوونییەی کۆمەڵێک لایەنی هونەریی موزیکیی، کە لە نێو شیعرەکاندا ڕەنگدا نەوەیەکی هونەرییانەیان هەیەو پاڵپشتێکی سرووشبەخشیش بە زایەڵەی میلۆدی و پێرفۆرمەنسی دەنگ و چێژی تەڕەب دەبەخشن بۆ ئەوەی وەک شاکارێکی هونەری خۆی لە نێو هەگبەی گۆرانی و مۆدە جیاوازەکان ببینێتەوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی ئاستی پەیوەندییە لە نێوان ڕەهەندە هونەرییەکانی موزیک و دەنگ و ڕەهەندە ئەدەبییەکانی نێو شیعرەکانی سافی ، ئەم ئاوێتە هونەرییەی نێوان شیعر و ئاوازەکان، لەو مەبەستە هونەرییەمان نزیک دەکاتەوە کە گرینگی ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی لە خستنە ڕووی لایەنە هونەرییە موزیکییە شاراوەکانی نێو شیعرەکانی سافی. سنووری بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لەو شیعرانەی کە کراون بە پێرفۆرمەنسێکی موزیک و گۆرانی ئەنجامی توێژینەوەکەش هەنگاو نانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک وردەکاری شیکاریی ناوەڕۆکی میلۆدی و گۆرانییەوە و خستنەڕووی زانیاری زانستیی موزیکی دەربارەی ڕەهەند و سروشت و ئاستی پەیوەندییە هونەریی و موزیکییەکانی سرووش و زایەڵەی دەنگ و ئاواز و تەڕەب لە نێو شیعرەکانی سافیدا.

CORRESPONDENCE
سرود فؤاد محمد سەڕاج
surwd.mohammed@su.edu.krd

پەسندکردن 2024/10/13
بڵاوکردنەوە 2024/10/15

**وشە سەرەکییەکان:**
سرووش ،
زایەڵەی ئاواز ،
پێرفۆڕمەنسی دەنگ.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

ئەگەر بە مێژووی هەرێمی کوردستاندا بگەڕێین، ئەوە هەر زوو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شار و شارۆچکە و شارە دێیەکانی، خاوەنی چەندین کەسایەتی دیار و کەڵە شاعیری بە ناوبانگی ئەدەبی کوردین، بە (کۆن و نوێ)وە. بۆیە هەر چۆنێک دەست بەری بۆ خەرمانی ئەدەبی ئەم هەرێمە، بە دڵنیاییەوە بە دەستی خاڵی ناگەڕێیتەوە. نموونەی ئەم جۆرە شاعیرانەمان لە ناوچە جیاجیاکاندا زۆرە، لەوانە: ( مەلا تەها، مامەند کەرکوکی، مەیلی، مەلا مستەفا هیرانی، میرانی، بێدەر و شوان احمد مام علی... تاد). لێرەدا (بەندی)ی شاعیرمان هەڵبژاردووە و توێژینەوەکەش بە ناونیشانی ((بەندی))ی وەک شاعیرێکی کلاسیکی نەناسراو)ە. نەبوونی هیچ بابەتێك لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەم شاعیرە، پاڵنەرێکی باش بووە بۆ ئەم توێژینەوەیە. ئەگەرچی کۆنەکردنەوەی شیعرەکانی لەنێو دوو بەرگدا کارەکەی سنوردار کردووین و تارادەیەك دەستی بەستووین. بەڵام لە ڕێگەی خۆیەوە لەدەستنووسەکانی شاعیر توانیمان ژمارەیەکی کەم لەشیعرەکانی وەربگرین، کە لەپەنجەکانی دەست زیاترنیین.

**١.پێشەکی:**

پرۆسەی بەکارهێنانی کەلەپووری گۆرانی لە ڕێگەی خستنەکاریی ڕاستەوخۆی شیعری کلاسیکی کوردی هەوڵێکە بۆ هۆشیاریی و پێگەیشتن و بەدەستهێنانی پێگەیەکی هونەریی بژاردە بۆ کۆمەڵگەیەک کە بتوانێ مامەڵە لەگەڵ هەردوو چەمکی ڕەسەنێتی کە خۆی لە (شیعری کلاسیک)دا دەبینێتەوە و هاوچەرخێتییەکەش لە میلۆدی و ئاوازدا بەرجەستە دەبێت کە ئاوازدانەری کورد بە سەلیقەییەوە سرووش لە تێکستی شیعری وەردەگرێ و دەیکات بە هەوێنی کارە هونەرییەکەی.

**١-١ کێشەی توێژینەوەکە:**

ناڕوونیی کۆمەڵێک لایەنی هونەریی موزیکیی کە هۆکارن لە نەبوونی زانیاری تەواو بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان بابەتە هونەرییەکان و بابەتە ئەدەبییەکاندا هەن، کە بونەتە گرفت لەبەردەم توێژەران و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە، بۆ ئەوەی پێشکەوتنی زیاتر لەم بوارەدا بەدەست بهێنن. هەموو ئەو ڕەهەندە هونەریی و ئەدبیانەی گرێدراوەی یەکن و پەیوەستن بە سرووشی پێرفۆرمەنسی دەنگ و تەرەب لە گۆرانی چریندا تاوەکو ئێستا بە شێوەکی زانستی ئەکادیمی لە هیچ توێژینەوەکدا تیشکی نەخراوەتە سەر، بۆیە توێژەران پێیان وایە شیعرەکانی سافی باشترین نموونەن کە بتوانین شرۆڤە و شیکاریی لەسەر بکەین بۆ دەرخستنی تەواوی ئەو پەیوەندیانە، چونکە توێژەران لە میانی خوێندنەوەکی زانستیی بۆ ئەو بەرهەمانەی کراونەتە گۆرانی تێبینی زۆرێک لە ئاماژەی بنیادنەر دەکەن کە دەبنە هەوێنێکی بنەڕەتی بۆ دەرخستنی ڕاستی و دروستی بابتەکە، بۆیە توێژەران پرسیارگەری توێژینەوەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە دێننە ئاراوە:

ئایا لە نێو شیعرەکانی سافیدا چ ڕەنگدانەوەیەکی هونەرییانە هەیە و چ پاڵپشتێکی سرووشبەخش بە زایەڵەی میلۆدی و پێرفۆرمەنسی دەنگ و چێژی تەرەب دەبەخشن؟ ئایا وەک شاکارێکی هونەری خۆی لە نێو هەگبەی گۆرانی و مۆدە جیاوازەکان دەبینێتەوە؟

**٢-١ ئامانجی توێژینەوەکە:**

ناسینی ئاستی پەیوەندی نێوان هەریەک لە سرووش- زایەڵەی ئاواز- پێرفۆرمەنسی دەنگ و تەرەب، لە نێو شیعرەکانی سافیدا.

**٣-١ گرنگی توێژینەوەکە:**

١- گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ هونەرمەندانی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرانە، لە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەنجامەکانی ئەم تویژینەوەیە لە بەرژەوەندی کارە هونەرییەکانیان.

٢- گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ شاعیران بۆ چۆنییەتی نووسینی تێکستە لیریکییەکانیانە، بە شێوەیەک کاریگەری ئەرێنی بەسەر کارە هونەرییەکانیانەوە هەبێت.

٣- سوودی ئەم توێژینەوەیە بۆ توێژەران تاوەکو خوێندنەوەکی زانستیی بۆ دەرئەنجامەکان بکەن و ئاماژە بنیادنەرەکان بکەنە هەوێنێکی بنەڕەتی بۆ ئەنجادانی توێژینەوەی پەیوەست بەو بابەتە.

**٤-١ سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری کاتی: لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ تا ٢٠٠٠ ز هونەرمەندی پێشەنگ (عەلی مەردان) و(عەدنان کەریم) نەوەی هونەریی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو تا دەگاتە سۆڵۆی دەنگی (هانی) سەبارەت بە دانانی میلۆدی موزیکی بۆ شیعرەکانی سافی کە لە ڕێکارەکانی توێژینەوەکەدا بە وردی شیکراونەتەوە.

سنووری جوگرافی: باشووری کوردستان

سنووری بابەتیی: بریتییە لەو شیعرانەی کە کراون بە پێرفۆرمەنسێکی موزیک و گۆرانی.

**٥-١ پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

**١-٥-١ سرووش:**

سرووش (بە لاتینی inspirare) ئیلهامێکی نائاگایی داهێنانە لە هونەرێکی ئەدەبی، موزیکی، یان بینراو و هەوڵە هونەریەکانی تردا دەبێت. چەمکەکە لە هەردوو ئاینی هێلینیزم و عیبریدا سەرچاوەی گرتووە. یۆنانیەکان پێیان وابوو کە سرووش یان "حەماسەت" لە مۆزەکان و خوداوەندەکانی ئەپۆلۆ و دیۆنیسۆس هاتووە. بە هەمان شێوە لە ئایینەکانی نۆرزی کۆندا ئیلهام لە خوداوەندەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، وەک ئۆدین. هەروەها ئیلهام لە شیعری عیبریدا بابەتێکی خوداییە. لە کتێبی ئامۆسدا پێغەمبەر باس لەوە دەکات کە دەنگی خودا زاڵ بووە و ناچار بووە قسە بکات. لە ئایینی مەسیحیدا سرووشبەخشین بەخششێکی ڕۆحی پیرۆزە. لە سەدەی هەژدەهەمدا فەیلەسوف جۆن لۆک مۆدێلێکی عەقڵی مرۆڤی پێشنیار کرد کە تیایدا بیرۆکەکان لە عەقڵدا لەگەڵ یەکتردا پەیوەستن یان وەک زایەڵە دەنگ دەدەنەوە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا شاعیرانی ڕۆمانسی وەک کۆلێریج و شێلی پێیان وابوو کە ئیلهام بۆ شاعیرێک دێت چونکە شاعیر لەگەڵ "با" (بایە ئیلاهییەکان یان عیرفانییەکاندا) هاوئاهەنگ بووە و لەبەر ئەوەی ڕۆحی شاعیر توانیویەتی ئەو جۆرە دیدگایانە وەربگرێت. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دەروونشیکار سیگمۆند فرۆید پێیوابوو کە سرووشبەخشیی لە دەروونی ناوەوەی هونەرمەنددا داناوە. تیۆری سرووشبەخشیی پزیشکی دەروونی کارل گوستاڤ یۆنگ پێشنیاری ئەوە دەکات کە هونەرمەند کەسێکە کە لەگەڵ غەریزەی داهێنەرانەیدا هاوئاهەنگ بووە. (Castor, G. 1964 :p26-31)

**٢-٥-١ زایەڵەی ئاواز:**

زانایان بە توێژەرانی موزیک و مێژوونووسانەوە جیاوازن لە دیاریکردنی شوێن و کاتی لەدایکبوونی ئاوازەکان لە بنەڕەتدا، چونکە بە پێی زانستی مرڤناسیی میلۆدییەکان بەشێکی دانەبڕاون لە مرۆڤ لە هەر شوێنێک بێت لەسەر ڕووی زەوی، کاتێک لە دەشت و شاخ و دۆڵ و دەریاکانیدا دەسوڕێتەوە، لەگەڵ ئەو لەدایک بوونەدا و لە هەموو قۆناغەکانیدا زایەڵەی ئەو ئاوازانە یاوەری مرۆڤ بوون لە گەشەکردنیدا. هەروەها پرۆسەی ئاوازدانان خۆی جۆرێکە لە بەهرە یان سرووش، بەڵام هیچ ڕێسایەک نییە ئێمە تەنها خۆمان پابەند بکەین بە سروشەوە، واتە ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەگەر سرووش نەبوو، مانای وایە مێلۆدی بوونی نەبێت، بەڵکو (ئارەزوو یان پێویستی) وا لە ئاوازدانەر دەکات هەندێک جار بیربکاتەوە و لە دەوری 'سروشەکان' بسووڕێتەوە تا ئەو کاتەی دەیدۆزێتەوە دەیکات بە هەوێنی کارە هونەرییەکەی. (سالم، ٢٠٠٥:ص٢٤)

**٣-٥-١ پێرفۆڕمەنسی دەنگ و تەڕەب:**

لە موزیکدا ئەو دەنگەیە کە تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەیە کە لە میدیۆمێکی موزیکەوە سەرچاوە دەگرێت. وەک چۆن هەر مرۆڤێک دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان ڕەنگی سپی و ڕەنگی سەوزدا، بە هەمان شێوە جیاوازی نێوان مۆرکی دەنگی جیاواز یەکێکە لەو هەستانەی خۆڕسکانە لەدایک دەبن. (کوبلاند، ١٩٧٦: ص١٠٥) پێناسەی ڕێکاریی توێژەرانیش بۆ چەمکی تەرەب بریتییە لە گەیشتن بە ترۆپکی داهێنان لە گوزارشتکردنی ئاواز و میلۆدی بەجۆرێک کە چڕینی دەنگ باڵ دەکێشێت بەسەر هەموو توخمەکانی تری موزیکیی لە نێو خودی ئاوازەکەدا.

**٤-٥-١ سافی:**

سافیی هیرانی یان سافی (صافی) (لەدایکبووی ١٨٧٣ – مردووی ١٩٤٢) ناوی تەواوی مستەفای کوڕی عەبدوڵڵایە. شاعیرێکی کورد بوو. سافی لە ساڵی ١٨٧٣ لە گوندی هیرانی سەر بە قەزای شەقڵاوە لەدایک بووە و لە ڕێکەوتی ١٢ی شوباتی ١٩٤٢ مردووە.

هۆنراوەی بە زمانەکانی کوردی، فارسی و تورکی نووسیوە. عەبدوڵڵای باوکی سافی کوڕی عەلی کوڕی مستەفا کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی شێخ سولەیمانی هیرانییە. (بۆرەکەیی،٢٠٠٨: ل٩)

## ٢. چوارچێوی تیۆری توێژینەوەکانی پێشوو:

### ١.٢ توێژینەوەکانی پێشوو:

دوای گەڕان و بەدوواچووی توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەو سەرچاوە و لێکۆڵینەوانەی لەسەر سافی شاعیر و موزیکی شیعری کراون جگە لە توێژینەوەی ماستەر (ڕەهەندی مۆسیقی لە شیعرە کوردییەکانی (سافی)دا) کە لەلایەن توێژەر (عثمان عبدالله فرج) لە حوزەیرانی ٢٠١١ پێشکەش کراوە، هیچ توێژینەوەیەکی تر پەیوەست بەو بابەتە نەدۆزراوەتەوە. توێژینەوەکە باس لە موزیکی شیعریی کردووە و پاشان باسی لە ڕیتمی دەرەوە و ناوەوە کردووە. هەروەها باسی لە کێش و سەروا و کێشی عەرووزی عەرەبی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کێش و قاڵبی کێشەی شیعرە کوردییەکانی سافی خراونەتە ڕوو. لە سەرواشدا تیشک خراونەتە سەر ڕیتمی سەرواکان و جۆری ئەو سەروایەی کە شاعیر پەیڕەوی کردووە. لە لایەکی تر توێژەران توانیویانە سوود لە هەندێک سەرچاوەی نزیک لە بابەتەکە بەگشتی وەربگرن و وەک لێوەرگرتن بەکاری بهێنن بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئاکام و ئەنجامە دروستەکان. (فرج، ٢٠١١)

### ٢.٢ هێما موزیکییە سرووشبەخشەکانی نێو شیعرەکانی سافی:

بناغەی بەردەوامی هونەری هەمیشە ئەم گونجاندنەیە، لەنێوان ئەوەی هونەرمەند دەیخوڵقێنێت و ئەو بیرۆکەیەی پەرەی پێ دەدات، چونکە هونەرمەند هەمیشە گرنگی بەبابەتێک دەدات بۆ بەدیهێنانی یەکڕیزیی ئەو کارە هونەرییەی کە ئامانجێکی هاوبەش لە کۆمەڵگەدا بەدیدەهێنێت. کەلەپوور هەمیشە ژیانێکی نوێبووەوەیە و نەبووەتە بزووتنەوەیەکی دەقکراو، بۆیە ئێستای ئێمە ناتوانێ نوێنەرایەتییمان بکات، ئەگەر ڕابردووەکەی لەنێوڕۆحماندا بە زیندوویی نەمابێتەوە، کەواتە هێما موزیکییەکان هەردەم کەرستە و هەوێنێکی پڕ بایەخن و بەشداری کارایان هەیە لە دروستبوون و کامڵبوونی بەرهەمی هونەری وەک گۆرانی و شاکارەکانی گەورە هونەرمەندانی جیهانی. ئەو هێمایانە گۆڕانکاری گەورە لە ڕێڕەوی ئاواز و جۆراوجۆرێتی ڕیتمیی و بەرزی و نزمیی نەغمەکاندا دروستدەکەن.

هەر کات ئەو هێمایانە یەکنگیربن لەگەڵ ناوەڕۆکە شیعرییەکانەوە ئەوە وشە و بڕگەی تێکستەکان سرووشبەخش کاردەکەنە سەر پرۆسەی ئاوازدانان بەشێوەیەک کێش و سەروای شیعریی ئاوێتەی کێش و ڕێڕەوی ئاواز بە جۆرێک دەبێت کە هەر نەغمە و تریەیەک لە شێوینی ڕاستەقینەی خۆی دەگیرسێتەوە. پرۆسەی سروشبەخشی میراتە میللییەکان خۆی لە خۆیدا ملکەچی تواناکانی خودی هونەرمەندە بۆ سروشگیریی پەخشکردنی بابەتەکەی خۆی و بەرپرسیارێتی ئەو هونەرمەندە کە توخمەکان یان تێماکان لە میراتە میللییەکانەوە دەگێڕێتەوە، لێرەدا هونەرمەند دەبێت بە باشی وتۆکمەییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. بۆیە پێویستە گرنگی بەو هونەرمەندە بدەین، کە ئەو ماددەیە بەکاردێنێت وتا ڕادەی ڕەسەنێتیی خۆی لە داهێنانی جەماوەریدا دەیگێڕێتەوە، هەروەها پێویستە مانا وئاماژەکان لە کارە هونەرییە میللییەکەیدا بەکار بهێنێت، دواتریش وەکو فۆڕمێکی هونەری بناسرێتەوە، بۆ ئەوەی پەرۆش و سۆزی هونەریی بگاتە ئاستی لێپرسینەوە. هەروەها هونەرمەند دەبێت ئەو توخم و بابەتانە بەکاربهێنێت، کە لە ڕاستیدا داهێنانی باو و بەکارهێنانی کارە بەرهەمهێندراوەکە لە ڕەسەنێتیی خۆی بپارێزێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەموو توخمێکی داهێنانی جەماوەری بە کەسانی ترەوە بەستراوەتەوەو هەریەک لەماددە کەلەپوورە میللییەکان هەمیشە پەیوەستن بە بابەتەکانی تری میراتی میللییەوە. (صادق، ٢٠٠٧: ص١١٢)

بۆیە مەرج نییە هەموو تێکستێکی شیعریی بە دیدی ئاوازدانەر لە مامەڵەکردندا وەکو یەک بێت، بەڵکو دەبێت تەواوی تێکستە شیعرییەکە لە ڕووی داڕشتەوە ئەو تایبەتمەندییە موزیکییەی تێدابێت کە بە (مۆسیقای شیعریی) ناسراوە. چونکە کردار و پرۆسەی ئاوازدانان بۆ سرووش وەرگرتن هەردەم پشت بە کۆمەڵێک بابەت دەبەستێت لەوانە: کێش، سەروا، برگە، عەرووز و بۆتەی گشتی شیعرەکان و کۆمەڵێک بابەتی تر ئەمانە هەموو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێڕەوەی ئاواز و هەڵبژاردنی ڕیتمی گونجاو بۆ گۆرانییەکە هەیە. کەواتە هەردوو بابەتی شیعر و موزیک لە گۆرانیدا دوو توخمی لێکجیانەکراوەن و هەردەم بەندن بە ئاوێتەبوون و یەکانگیریی لە پێناو خوڵقاندنی هونەرێکی باڵا و ئەفرێنەر.

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەینە کێشی ئەو دێڕانەی کە کراونەتە گۆرانی، دەبینین هەر ڕستەیەکی موزیکی چەندە بە گونجاوی یەکانگیری تەواوی ئەو دێڕە شیعرییەوەیە کە ئاوازی بۆ دانراوە. دەستەواژەی موزیکی بەرامبەر دەستەواژە شیعرییەکە بێ زیاد و کەم

داڕێژاوە، بڕگەکانیش لەگەڵ گەڵ نەغمەی کورت و نەغمەی درێژدا (تۆنی کورت و تۆنی درێژ) زۆر بە تەواوی ئاوێتەی یەکترن. سەرواکان یارمەتی ئاوازدانەریان داوە بۆ ئەوەی بەباشی قفڵبوونی میلۆدییەکان یەکبخەن و کۆتایی هەموو سەرە میلۆدییەک لە پێگەی بنکەی مۆدی سەرکی ئاوازەکە بگیرسێتەوە.

### ٣.٢ چەند بنیادێکی میلۆدیی کە بەشدارن لە دروستکردنی زایەڵە و سەدای نێو ئاوازەکان:

بەشێک لە شوناسی خەڵک بە زمان و هونەرو فۆلکلۆرو داب و نەریت و مێژوو دیاری دەکرێت، بێگومان ئەوبابەتە زیندووانە گەلی کوردیش دەگرێتەوە، کە تیایدا پابەندبوونی توند بە داب و نەریتی میراتی باپیرانەوە، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە هێشتنەوەی زۆرێک لەو خوو و ڕەوشتانەی پەیوەندییەکی تۆکمەیان بە موزیک و گۆرانی چڕینەوە هەبووە.

بنیادی میلۆدی بە سەرەکیترین بنەمای پڕۆسەی ئاواز دانانەوە دادەندرێت، کە خۆی لە چوار کرداری بنەڕەتی بنیاد نەرەوە دادەنرێت. یەکەمیان دروسکردنی بیرۆکەی ئاواز واتە (مۆتیڤ). دووەمیان جوڵەی پایەبەندی واتە (سکوێنس). سێیەمیان بەردەوامبوون و درێژەدانی ڕستەی میلۆدییەکە. چوارەمیان قفڵبوون و بەکۆتاهاتنی ئاواز یان میلۆدییەکە. ئەم چوار بنیادەی باسکران پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ تێکست یاخود شیعری نێو گۆرانییەکانەوە هەیە.

چۆنێتی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بنیادی مۆتیڤ لەگەڵ شیعر لە شرۆڤەکردندا، هەر لەکاتی دانانی تێکستەکان لەژێر تۆتەی ئاوازەکان دەرناکەون، بەڵکو دەبێت بەشێوازی گرافیک و هێلکاری موزیکی (چاڕت) ڕوون بکرێتەوە تاوەکو کەسی ئاسایی تێبینیی ئەم پەیوەندییە بەهێزە بکات. یەکەم کار لە شرۆڤەکردن بمانەوێ بیکەین دەبێت بزانین ئەو مۆتیڤە لە چەند باڕی موزیکی پێکهاتووە، دواتر دەبێت دەسنیشانی ئەوە بکەین ئایا لە میانی ئەو باڕە موزیکیانە چەند دێڕ لە شیعرەکە بەکارهاتووە. پاشان بزانین وشە و بڕگەکان چۆن دابەشی سەر دەنگ و نۆتە و ڕیتمی ناوەوەی مۆتیڤەکە کراوە.

سەبارەت بە بنیادی جوڵەی پایەبەندی (سکوێنس)یش هەر لە گرافەکەدا دەردەکەوێت، بێگومان لە زۆبەی ئاوازەکاندا تێبینی ئەوە کراوە کە هەرکات بەشی یەکەمی دێڕە شیعرەکان لە مۆتیڤەکان بەکارهێندرابێت ئەوە ڕاسەوخۆ بەشی دووەمی دێڕە شیعرییەکە بەر بنیادی سکوێنسی گۆرانییەکە کەوتووە. واتە بەشێوەیەکی یەکسان کێشی شیعرەکە دابەشی سەر هەردوو بنیادی (مۆتیڤ + سکوێنس) بووە.

وەک نەریت هەدوو بنیادی بەردەوامبوون و قفڵبوونیش دێڕی دواتر وەردەگرن و زۆر جار بەشێوەکی یەکسان دابەشی سەر دەستەواژە موزیکییەکە دەبن، هەندێک جاریش بەشی بەردەوامبوون پشکی شێر بۆ خۆی دەبات و بەشە زۆرەکەی دێڕە شیعرەکە بۆ خۆی دەبات و کۆتا بڕگەکان بۆ بنیادی قفڵبوون دەهێڵنەوە.

شێوازی گونجاندن و دابەشکردن و ئاویتەکردنی شیعر بەسەر ڕستە و دەستەواژە و ئەو بنیادە موزیکیانە لە لایەن ئاوازدانەرەوە ئاستی بەرهەمەکە و ڕادەی سەرکەوتنی بابەتە هونەرییەکە دیاری دەکات. بێگومان ئەمەش دەکەوێتە سەر بەهێزیی و جوانی و ئاستی شیعرەکە، بۆ ئەوەی ئاوازدانەر خستنەکاریی کەرەستەیەکی شیعری ئەفرینەر لەنێو ئاوازێکی کاریگەر لەسەر گوێگر بخوڵقێنێت و بتوانێت زایەڵە و سەدایەکی ئاوێتەبوو لەگەڵ کێش و سەرواکاندا وەکو یەکەیەکی تۆکمە و بەرهەمێکی زندوو لە پانتایی هونەریی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بمینێتەوە.

بڕگە یەکەیەکی ڕێکخستنە بۆ زنجیرەیەک دەنگەکانی قسەکردن، بە شێوەیەکی گشتی لە ناوکی بزوێن پێکهاتووە کە پەراوێزی سەرەتایی و کۆتایی ئیختیاری هەیە (بە شێوەیەکی گشتی، بزوێنەکان). زۆرجار بزوێنەکان بە فۆنۆلۆژی وشەکان دادەنرێت. ئەم بڕگانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ڕیتمی موزیکیی، کورتی و درێژی میلۆدییەک و شێوازەکانی قفڵبوون هەبێت. ( De Jong, 2003: p268)

### ٢.٤ کێش و سەروا:

(کێش) لە شیعردا بریتییە لە هاوژمارەیی بڕگەکان کە لەهەر نیوەدێڕێکدا (١١) بڕگەیە و یەکسانیی کاتی نێوانی هەنگاوەکان کە لە هەر نیوەدێڕێکدا (٣)وەستانی هاوکاتە و (ڕیتم) لەشیعری بەکێشدا بریتییە لە دووبارەکردنەوەی بڕگە کورت و درێژە ڕێکخراوەکان ، واتە ڕیزبوونی (١) بڕگەی کورت و (٣) یان (٢) بڕگەی درێژ بەدوایدا کە لە نموونەکەدا هەنگاوەکانی کێشی (هەزەج) پێکدەهێنن کە بریتییە لە (مەفاعیلون) ، نموونەکەش بە (٦) هەنگاوی هۆنراوەتەوە کەیەکەم و دووەمیان تەواوە و سێیەمیان بڕگەی کۆتایی لابراوە و بووە بە (مەحزووف : مەفاعیی یان فەعوولون) و پاشتر لە وانەکانی کێشەکانی عەرووزدا تیشکی. (بکر، ٢٠٢٣: ل٤-٨)

(عەرووز) لە سەرچاوە عەرووزییەکاندا بە زۆر شێوەی جیاواز پێناسەکراوە ، باشترین پێناسەش ئەوەیە کە (عەرووز) ئەو زانستەیە شیعری دروست و نادروست یان هاوسەنگ و لەنگ لە یەکتر جیادەکاتەوە ، وەکو زۆرینەی ئەو سەرچاوانەش ئاماژەی بۆ دەکەن ئەم زانستە لەلایەنی (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدیی بەسری : ١٠٠ ـ ١٧٠ ك) لە سەر بنەمای موزیکی شیعری عەرەبیی پێش ئیسلام (جاهیلی) دایهێناوە ، بەڵام بە گوێرەی چەندین بەڵگەی مێژوویی و زانستی عەرووز بنچینەیەکی هیندیی کۆنی سانسکریتیی هەیە وشیعری عەرەبیی پێش ئیسلام عەرووزی نەبووە. لە سیستەمی عەرووزدا هەشت جۆری هەنگاو یان تەفعیلە هەیە کە بەشداری دەکەن لە دامەزراندنی کێشە عەرووزییەکاندا ئەو تەفعیلانە لە لێکۆڵینەوە کۆنەکاندا بە گوێرەی پیتی بزوێن و نەبزوێن شیدەکرانەوە ، بەڵام لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە ولەگەڵ پێشکەوتنی زمانەوانی و بەتایبەت لە بواری دەنگسازیدا ، پسپۆرانی بوارەکە ڕوویان لە شیکردنەوەی عەرووز لە سەر بنچینەی بڕگە کرد بەو پێیەی کە زمانی عەرەبی زمانێکی چەندییە و جیاوازیی نێوانی بزوێنی کورت و درێژ یان بڕگەی کورت و درێژ تێیدا فۆنیمە ، بۆیە دەتوانین تەفعیلە عەرووزییەکان بە گوێرەی ژمارەی بڕگەکان بە سەر سێ جۆرە تەفعیلەدا دابەشبکەین کە ئەمانەن :

١ـ٢ـ١ـ تەفعیلەی سێ بڕگەیی: ـ فەعوولون (فعولن) ١: ( ب ــ ــ) ـ فاعیلون (فاعلن) ٢: ( ــ ب ــ)

١ـ٢ـ٢ـ تەفعیلەی چوار بڕگەیی : ـ مەفاعییلون (مفاعيلن) : ٣ (ب ــ ــ ــ) ـ فاعیلاتون (فاعلاتن) ٤: ( ــ ب ــ ــ) ـ موستەفعیلون (مستفعلن) ٥: ( ــ ــ ب ــ) ـ مەفعوولاتو (مفعولات) ٦: (ــ ــ ــ ب).

١ـ٢ـ٣ـ تەفعیلەی پێنج بڕگەیی : ـ موتەفاعیلون (متفاعلن) : ٧ (ب ب ــ ب ــ) ـ مەفاعەلەتون (مفاعلتن) ٨: (ب ــ ب ب ــ). (بکر، سەرچاوەی پێشوو)

## ٥.٢ پێرفۆڕمەنسی دەنگ و تەڕەب لە کاتی چڕینی مەقام و گۆرانییدا:

گۆرانی بریتییە لە ئاوازێکی موزیکیی کە لە لایەن دەنگی مرۆڤەوە پێشکەش دەکرێت. زۆرجار ئەمە بە کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز و جێگیری یەک بەدوای یەک (مێلۆدی) بە بەکارهێنانی نەخشی دەنگیی دەچڕدرێت. گۆرانیەکان فۆڕمی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، وەک ئەوانەی کە دووبارەکردنەوە و گۆڕینی بەشەکان تیایدا ئەنجام دەدرێت. ئەو وشە نووسراوانەی کە بە تایبەتی بۆ گۆرانی دروست دەکرێن، یان موزیک بە تایبەتی بۆ ئەو وشانە دروست کراوە، پێیان دەوترێت تێکست. ئەگەر شیعرێک پێشوەختە نووسرابێت و لە لایەن موزیکدانەرێک ئاوازی بۆ دابنرێت ئەوە گۆرانییەکی هونەریی لێوە بەرهەم دێت. ئەو گۆرانیانەی کە بە شێوازێکی سادە ئامادەکراون و بە شێوەیەکی نافەرمی "بە گوێچکە" بنیاد دەنرێن و لە نەوەیەک بۆ نەوەیەک دەماودەم دەگوازرێنەوە، زۆرجار بە گۆرانی فۆلکلۆر ناودەبرێن. ئەو گۆرانیانەی کە بۆ گۆرانیبێژە پیشەگەرەکان ئامادە دەکرێن کە تۆمارەکانیان یان نمایشە ڕاستەوخۆکانیان بە بازاڕی جەماوەری دەفرۆشن، پێیان دەوترێت گۆرانی جەماوەری، ئەم گۆرانیانەش سەرنجراکێشیەکی بەرفراوانیان هەیە، زۆرجار لەلایەن گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و تێکستکاری پیشەگەرەوە ئاوازیان بۆ دانراوە. گۆرانییە هونەریەکان لەلایەن ئاوازدانەرانی بە سەلیقە ڕاهێنراوەوە بۆ نمایشی کۆنسێرت ئامادە دەکرێن. (Luise, 1980:p 510)

مەقام نەوەک بە مانای (مۆد)، بەڵکو مەبەست لەو شێوە چڕینەیە کە ئاوازەکان بە شێوەی ڕیتمێکی سەربەست لە چوارچیوەی مۆدێکی تایبەتەوە ئیمپرۆڤیزە (ارتجال) دەکرێت. بێگومان ئیمپۆڤیزەی مەقام جۆرێکە گۆرانی چڕین، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە وشەکان پەیوەست بە ڕیتمە کێشدارەکان نابن و سەربەستانە ئادا دەکرێن، واتە بەهیچ شێوەیەک پابەندی ترپە بەهێزەکان و کێشی موزیکی ناکرێن.

تەڕەب بەرزترین ئاستی چڕینی گۆرانییە کە هونەرمەند پێی دەگات، تیایدا هەموو تەکنیکە موزیکییەکان وەک کەرستەیەکی جوانی (کە پێشتر بەهۆی ئیدراکی هەستییەوە وەک مەعرفەیەکی هونەری) لە ناخیدا چەکەرەی داوە، لە کاتی پێرفۆمەنسەوە بە قەشنگترین شێوە دەیخاتە ڕوو.

## ٣. میتۆدی توێژینەوەکە و ئەنەلایزی نموونەکان:

ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوە. بۆ دەستنیشانکردنی نمونەکانی توێژینەوە، توێژەران بە پشتبەستن باگراوندی مێژوویی ئەدەبی و هونەریی بابەتەکە و ئامانج و کۆنتێکستی توێژینەوەکە ڕێگەی مەبەستدار (قصدي) یان بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشاکردنی نموونەکانی توێژینەوەکەیان هەڵبژارد، نموونەکانیش بریتین لە:

١- ئەو پەرچەم و ئەگریجە

٢- دڵ لەبەر دەردی فیراقی

٣- چاوەکەم

سەبارەت بە میتۆدی شیکردنەوەی نموونەکان توێژەران هەڵسان بە بنیادنانی کۆمەڵێک ئامراز و پێوەری تایبەت بە بابەتەکە کە جیاوازن لەگەڵ ئامرازەکانی شیکردنەوەی موزیکی ئەبستراکت و گۆرانی دانراو یاخود فۆلکلۆری و میللی، چونکە ئەم بابەتە پەیوەستە بە سرووش و ئاواز و پێرفۆڕمەنس و شیعر بەیەک پاکێج، بۆیە ئەمانە جیاوازن لە بابەتەکانی تر.

**پێوەرەکانی شکردنەوە ئەمانەن:**

١- پەیوەندی نێوان برگە و هێما موزیکییەکان (دەنگ و کات).

٢- پەیوەندی نێوان دێڕە شیعرییەکان و دەستەواژە و ڕستە موزیکییەکان.

٣- پەیوەندی نێوان سەرواکان و قفڵبوونی ئاوازەکان.

٤- پەیوەندی نێوان کێشی شیعرەکە و بنیادی ئاوازەکە.

٥- گرافیک و هێڵکاری.

خشتەی ژمارە (١) پێوەرەکانی شیکردنەوە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی برگەکان | ژمارەی هێما موزیکییەکان | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | | | | |
| ٢ | دێڕە شیعرییەکان | دەستەواژە و ڕستە موزیکییەکا | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | | | | |
| ٣ | سەرواکان | قفڵبوونی ئاوازەکان | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | | | | |
| ٤ | کێشی شیعر | بنیادی ئاواز | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | | | | |
| ٥ | گرافیک | | | |

**١.٣ نموونەی یەکەم: (ئەو پەرچەم و ئەگریجە)**

مەقام (مۆد): سێگا

ڕیتم: جۆرجینە

پێرفۆڕمەنس: علی مەردان

شیعری: سافی هیرانی

ئاوازی: علی مەردان




نموونەی ژمارە (١) نۆتەی گۆرانی ئەو پەرچەمر و ئەگریجە

ئەو پەرچەمر و ئەگریجە هەموو دوژمنی دینە
ئەو زولف و ڕووە ئافەتی سەر ڕوویی زەمینە
عەشقت لە دڵم سابتە، نەک عارزە قوربان
وەک توڕڕەیی شاهان کە لەسەر ڕوویی نگینە
عالەمر چ دەزانێ کە ئەمن کوشتەیی کێمە
لەو تیری موژەت زاهیرە دائیم کە بە خوێنە
بێعارە دڵمر چەندی جەفای دەی هەقە، ئەمما
جێی ڕەحمە گوڵمر چونکی ڕەقیب وا لە کەمینە
دڵ بوویتە کەباب بۆ مەزەیی دیدەیی مەستت
قوربان لەوە مەعلوومە کە لێوت نمەکینە
جانا وەرە وا غەرقەیی تۆفانی سوروشکمر
بێ نووحی وەفات نابێ نەجاتمر بە سەفینە
سافی کە لە خاکی دەری تۆ دوورە بە قوربان
سەگ مەرگی نەبێ، هێندە چلۆن قابیلی ژینە

خشتەی ژمارە (٢) نموونەی یەکەمر

| | ژمارەی برگەکان | ژمارەی هێما موزیکییەکان | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٤ | ١٦ | ١٤ کرۆش هاوتایە لەگەڵ برگەکان، تەنها ٢ هێمای دەبڵ کرۆش کە برگەیان وەرنەگرتووە | ٢ دەبڵ کرۆشەکە هەژمار ناکرێت |
| ٢ | دێڕە شیعرییەکان | دەستەواژە و ڕستە موزیکیەکان | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | ٢ | ٢ | هاوتایە | |

| | سەرواکان | قفڵبوونی ئاوازەکان | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١-(ینە) بزوێنە<br>٢- (ینە) بزوێنە | ١-سەرووی بنکەیە<br>٢- بنکەیە | ١-کۆتایی دەستەواژەیە و سرووش بۆ دەستەواژەی دواى خۆش دەبەخشێت.<br>٢- قفڵبوونێکی تەواو. | |
| | کێشی شیعر | بنیادی ئاواز | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| ٤ | ناهاو پایە (موستەفعیلون ، مەفاعیلەتون، موتەفاعیلون) | چوار باڕ لەگەڵ دەرەترپە (لێڤار)<br>ڕیتم ٥/٨ | لە دێری یەکەم وشەی (ئەگریجە) بووە بە دوو بەش (ئەگ – ریجە) دابەشی سەر بنیادی دوو باڕی جیا بوونە. کەچی لە دەستەواژەی دووەم لە وشەی (ڕووە) لە کۆتایی بنیادی باڕی دووەمدا دامەزراوە. | هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی لە عەرووزی شیعری نێوان تەفعیلەکاندا |
| ٥ | گرافیک |  | | |

**٢.٣ نموونەی دووەم: (دڵ لەبەر دەردی فیراقی)**

مەقام (مۆد):

ڕیتم: سەربەست

پێرفۆڕمەنس: هانی

شیعری: سافی هیرانی

ئاوازی:




نموونەی ژمارە (٢) نۆتەی مەقامی دڵ لەبەر دەردی فیراقی

دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەکا
گوێی لە دەنگی ساز و عوود و بەزمی نای و نەی دەکا
سەردەمێ مەست و خومار و خادیمی مەیخانەیە
وەختێ تەسبیحی لە دەستە، سۆفییە حەی حەی دەکا
ڕۆژی وایە زۆر بە کەیف و پێکەنین و خەندەیە
بەعزێ شەو مەجنوونە دائیم گریە بۆ لەیلەی دەکا
بەعزێ جاران عالیم و عامیل و عابد خۆیەتی
وەختێ جەهل و فیسقی زۆرە، عالەمێ لۆمەی دەکا
پێی دەڵێم: ئەی دڵ وەرە ئێرانی یا توورانی بە
ئەو لە بەینی هەر دوو جێگە ڕوو لە دەشتی ڕەی دەکا
دڵ نزانم شێتە یا سەرخۆشە، یا دێوانەیە؟
یا ئیلاهی ئیشی وا عەکسی بە من تا کەی دەکا؟
دوور لە یارە دڵ، لە بۆیێ بێسەباتە سافییا
تاکوو لەو سەگمەرگەدا بێ ئیختیاری وەی دەکا

خشتەی ژمارە (٣) نموونەی دووەم

| | ژمارەی بڕگەکان | ژمارەی هێما موزیکییەکان | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٥ | ١٠ | پەیوەندییەکە هاوتایە | چونکە تەنها ١٠ بڕگەی لە دەستەواژەکەدا بەکارهێنراوە |
| ٢ | دێڕە شیعرییەکان | دەستەواژە و ڕستە موزیکییەکا | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | ١ | ١ | هاوتایە | تەنها یەک دێر بەکار هاتووە |
| ٣ | سەرواکان | قفڵبوونی ئاوازەکان | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | (یارە) بزوێنە | ١- بنکە<br>٢- پلەی سێیەمی مەقامەکە | ١-کۆتایی دەستەواژەیە و وەستانێکی تەواو بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی دەستەواژەی نوێ.<br>٢- هەستی بەردەوامی بۆ تەواوکردنی تەواوی مەقامەکە. | |
| ٤ | کێشی شیعر | بنیادی ئاواز | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | هاوپایەیە (موستەفعیلون، موستەفعیلون، موستەفعیلون، فاعیلون) | ڕیتمی سەربەست بەکارهاتووە بۆ ئەدای مەقامەکە. | لەبەر ئەوەی ڕیتمەکە سەربەستە بۆیە بنیادی میلۆدی لەگەڵ کێشی سعرەکە ئاوێتەی یەکترن. | هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی لە عەرووزی شیعری نێوان تەفعیلەکاندا |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | گرافیک |  |



### ٣.٣ نموونەی سێیەم: (چاوەکەم)

مەقام (مۆد): حیجاز

ڕیتم: جۆرجینە

پێرفۆڕمەنس: عدنان کریم

شیعری: سافی هیرانی

ئاوازی: عدنان کریم





نموونەی ژمارە (٣) نۆتەی گۆرانی چاوەکەم

چاوەکەم چاوم بە دائیم ئینتزاری تۆ دەکا

شەو بە یادی عاریزت یادی گوڵی شەوبۆ دەکا

ڕاحەتی هەڵگرت لە عالەم وا لە مەهدی سینەکەم

تفلی دڵ بۆ دایەیی وسڵت وەها ڕۆ ڕۆ دەکا

چونکە بۆی نەینا سەبا گەردێ لە ژێری نەعلەکەت


دڵ لەتاوا خاکی گشت عالەم بەسەر ڕووی خۆ دەکا

قەترەیی لێوی نمەکبارت بنێرە ئەی تەبیب

وا کە زامی سینە بێ مەرهەمر چ سفت و سۆ دەکا
وادیی عیشقت ئەوەندە دوورە بە ڕۆژ تەی ناکرێ
پەیکی دڵ بۆیێ سکون نابێ بەتاو شەورۆ دەکا
ئاوری عیشقت دەروونی وا سەراسەر گرتووم
دوودی ئاهم وا لەسەر چەرخی بەرین بۆسۆ دەکا
جەیشی هیجرانت بە جارێ موڵکی جسمی گرتووم
بۆیێ سافی لەم زەمانە لەشکری غەم کۆ دەکا

خشتەی ژمارە (٤) نموونەی سێیەم

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی برگەکان | ژمارەی هێما موزیکییەکان | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | ١٥ | ١٦ هێما | ١٥ کرۆش هاوتایە لەگەڵ برگەکان، تەنها ١ هێمای دەبڵ کرۆش کە برگەیان وەرنەگرتووە | ١ دەبڵ کرۆشەکە هەژمار ناکرێت |
| ٢ | دێرە شیعرییەکان | دەستەواژە و ڕستە موزیکییەکان | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | ٢ | ٢ | هاوتایە | |
| ٣ | سەرواکان | قفڵبوونی ئاوازەکان | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | ١-(دەکا) بزوێنە<br>٢- (دەکا) بزوێنە | ١-پلەی سێیەمی مەقامەکە<br>٢- پلەی چوارەمی مەقامەکە | ١-کۆتایی دەستەواژەیە و هەستی بەردەوامبوون بۆ دەستەواژەی دوای خۆش دەبەخشێت.<br>٢- قفڵبوونێکی ناتەواو. | |
| ٤ | کێشی شیعر | بنیادی ئاواز | پەیوەندی نێوانیان | تێبینی |
| | ناهاوپایە<br>(موستەفعیلون ، موستەفعیلون ، موستەفعیلون ، فاعیلون) | چوار باڕ دووبارە کراوە<br>ڕیتم ١٠/١٦ | لە دێری یەکەمر وشەی (دایمر) بووە بە دوو بەش (دا – یمر) دابەشی سەر بنیادی دوو باڕی جیا بوونە. کەچی لە دەستەواژەی دووەمر لە وشەی (یادی گوڵی) لە کۆتایی بنیادی باڕی دووەمدا دامەزراوە. | هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی لە عەرووزی شیعری نێوان تەفعیلەکاندا |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | گرافیک |  |

### ٦.٣ خستنەڕووی ئەنەڵایزی نموونەکان:

١- پەیوەندی نێوان برگە و هێما موزیکییەکان  بە ڕادەیەکی زۆر هاوتای یەکترن، بەو پێیەی هەر برگەیەکی شیعریی ئاوێتەی یەک دانە لە هێما موزیکییەکانەوە بووە، تەنها لەو شێوێنانەی هێما موزیکییەکان برگەکانیان وەرنەگرتووە کە نۆتەی تێپەڕن و بۆ جووڵە خێراکانی میلۆدی تەرخان کراون. ئەمەش زۆر ئاساییە، لەبەرئەوەی ناکرێت کاتە خێراکانی ڕیتم وشەی بۆ دابنرێت، چونکە لە کاتی ئادا و دەربڕین و چڕینی گۆرانییدا حاڵەتێکی نەگونجاو دروست دەکات و وەکو تەتەڵەی زمان دەردەکەوێت.

٢- پەیوەندی نێوان دێڕە شیعرییەکان و دەستەواژە و ڕستە موزیکییەکان لە نموونەی یەکەم و سێیەمدا بەشێوەی هاوتان، واتە بەشێوەیەکی سیستەماتیک هەر دێرێک لە یەک دەستەواژەدا خستنەکاریی ئاوازدانانی بۆ کراوە. بەڵام لە نموونەی سێیەمدا بەشێک لە دێرەکە (١٠ برگە لە کۆی ١٥ برگەکە) دابەشی سەر دوو دەستەواژەی موزیکی کراوە، هۆکارەکەش بریتییە لە شێواز و مۆرکی ئادای گۆرانییەکە کە بە شێوازی ڕیتمی سەربەست (ئەدلیب) یاخود مەقام (هەستان) خستنەکاری بۆ کراوە.

٣- پەیوەندی نێوان سەرواکان و قفڵبوونی ئاوازەکان لە نموونەی یەکەم و سێیەمدا سەروای دێری یەکەم بە پێی جووڵەی میلۆدی دەستەواژەی یەکەم بۆ پلەکانی (دووەم، سێیەم، چوارەم)ی میانەکانی مەقامەکە جێگیر دەبن، بەمەبەستی سرووشبەخشین بۆ جووڵەیەکی تری پایەبەندی میلۆدی (سکوێنس) جا چ بۆ سەرەوە بێت یان بۆ خوارەوە، یاخود لە پێناو بەردەوامبوونی دەستەواژەی دووەم لە هەمان پێگەی مەقام یاخود مۆدەکە دانراوە. بەڵام لە نموونەی دووەمدا دەستەواژەی یەکەم سەرواکەی تەنها بۆ جێگیربوون لە پێگەی بنکەدا تەرخان کردووە، ئەمەش بە مەبەستی وەرگرتنی هەناسەیەکی قووڵ لە لایەن گۆرانیبێژەکە، چوونکە ئەمە شێوازی بەستە نییە بەڵکو شێوازی مەقامە.

٤- پەیوەندی نێوان کێشی شیعرەکە و بنیادی ئاوازەکە لە نموونەی یەکەم و سێیەمدا هاوپایە نین سەرەڕای یەکسانی لە ژمارەی برگەکان، چونکە عەرووزی دوو دێرەکان لە ڕووی تەفعیلەوە جیاوازن. بۆیە ڕیتمی ناوەوە برگەکانی بە یەکسانی بەسەر خۆیدا دابەش نەکردووە. هەرچی لە نموونەی سێیەمدا ئەم حاڵەتە بەدی نەکراوە چونکە هەم عەرووزەکە هاوپایەیە، هەمیش ڕیتمی مەقامەکە سەربەستە. بۆیە ڕیتمی ناوەوەی مەقامەکە لە ژێر هەژموونی ئەدا و چڕینەکانی کەسی پێرفۆڕمەنس لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت کە بە شێوازی ئیمپرۆڤیزەیشن بەرجەستە دەبێت.

٥- لە گرافیک و هێڵکارییەکاندا بەڕوونی هێما و ڕیتم و ترپەکانی موزیک لەگەڵ برگە و کێش و عەرووزە شیعرییەکان دەردەکەون. هێلی بازەکان کە بەڕەنگی سوور ڕەنگکراون ڕاستەوخۆ برگەکان لەسەر ترپە بەهێزەکان دەردەکەون، هەروەها ئەو برگانەی تر کە لەسەر ترپەی بێهێز دانراون، ڕێک پێگەی لەناو ڕیتمی ناوەوە ئاشکرا کردووە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە لە نێوان دوو دێڕی شیعریی یەکسان لە ڕووی کێش و عەرووزەوە، دابەشبوونی برگەکان بەسەر ڕیتمی ناوەوە لە هەردووە دەستەواژەدا یەکسان دەبن. بەڵام ئەگەر تەنها کێش یەکسان بوون و عەرووزەکان جیاواز بوون، ئەوا هەردەم ڕیتمی ناوەوە لە هەردوو دەستەواژە موزیکییەکەدا جیاواز دەردەکەون.

### ٤. ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

#### ١.٤ ئەنجام

١- تایبەتمەندی ئیمپرۆڤیزەیشن لە گۆرانی کوردیدا بۆ بنیاتانی هونەری بابەتێکی زندووە و بە گشتی تایبەتمەندییەکی بەرچاوی موزیکی ڕۆژهەڵاتییە. ئیمپرۆڤیزەیشن لایەنێکی گرنگی هونەر و موزیکی گۆرانی کوردییە، جا ئەم گۆرانییانە چ دانراو یاخود میللی بن.

٢- ڕەوتی زیندووکردنەوەی کەلەپوور لە تێکست و دەقی شیعرییدا گەڕانێکی بەرچاو بە موزیک دەبەخشێ بۆ نوێبوونەوە لە بەرگێکی داهێنەرانەدا کاتێک لە نێو فۆرمی دەنگ و زایەڵەی پێرفۆڕمەنسدا دەگاتە مەرامی خۆی. یەکێک لەو بابەتە زیندووانە مێلۆدییە داندراوەکانن کە وەک بنەمایەک بۆ تەواوی ئاراستەیەکی هونەری موزیکیی ڕەسەن ئاوێتەی دەقی شیعری کلاسیکی کوردی دەبێت.

٣- خستنەکاریی کەلەپووری شیعری کلاسیکی کوردی لە نێوگۆرانی دانراودا ئامانجێکە بۆ گەیەشتن بەو تێڕوانین و سەرنجە هونەرییە موزیکیانەی کە موزیسیان و ئاوازدانەری بە سەلیقە تیایدا بەدەستهێنانی هاوکێشەی هونەریی هەردوو چەمکی ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتیی لە میلۆدی و ئاوازدا بەرجەستە دەکات و دەیکات بە هەوێنی کارە هونەرییەکەی.

٤- مێلۆدی گۆرانیبێژی نەریتخواز لەسەر بنەمای زنجیرەیەکی نەپساوەی ئاواز دێتە ئاراوە کە دەستەواژە و ڕستە موزیکییەکان گوزارشتێکی هەمیشەیی کێش و سەروای شیعرەکانی سافی دەکەن. بۆیە خستنەکاری زمانی موزیکیی بۆ دەقێکی قەدکراوی نێو کتێبەکان زیندووکردنەوەی کەلەپووری میللیە بە سرووش وەرگرتن لە تەواوی ژینگە و پێگەی جوگرافی و شکۆی مێژوویی و قۆناغەکانی بە شارستانیی بوونی کەلتوورەکەی.

٥- بەرهەمە موزیکییەکان کە لە کەلەپووری گۆرانی کوردی سرووشیان وەرگرتووە، هەمیشە هەڵگری کارەکتەری نەتەوەیی بوون، لە ڕێگەی ئەو پەیامە هونەرییەی کە جەخت لەسەر سیماکانی کەسایەتی کورد دەکات و بەهاکانی ڕەسەنایەتییان پێ دەبەخشن.

#### ٢.٤ ڕاسپاردەکان:

١- گرنگیدان بە کەلەپووری ئەدەبی فۆلکلۆری وخستنەکاری بەشێوەیەکی ئەکادیمی بۆ خزمەتکردنی ئاواز و میلۆدی دانراو.

٢- گرنگیدان بە میراتی کەلەپووری وپێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانیی وموزیکی فۆلکلۆری وکەلەپووری موزیکی میللیی وبەکارهێنانیان بە شێوەیەکی ئەکادیمی لەنێو تیپە موزیکییەکانی کوردستاندا.

٣- پێویستە موزیسیانان و دانەرانی موزیک ئارەزووی خۆپەروەردەکردنی هونەریی و ئەکادیمیان هەبێت و ئەزموونەکانیان لە خوێندنی تایبەتدا دەوڵەمەندتر بکەن.

#### ٣.٤ پێشنیازەکان:

١- توێژەران پێشنیازی خستنەکاری کەلەپووری موزیکی وموزیکی کوردی دەکەن لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی دابەشکردن بە شێوازێکی مۆدێرن، بۆ قۆناغی خوێندنی بەرایی لە فاکەڵتیەکانی هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- توێژەر پێشنیاری دیراسەکردنی بارودۆخی هونەرمەندانی میللی و هەڵگرانی کەلەپووری هەردوو ڕەگەز دەکات، بەهۆی تایبەتمەندییەکانیان و بێوێنەیی کارەکانیان، کە دەبێت لەسەر بنەمای چەمکە لۆکاڵییە میراتکراوەکانی تر بێت کە بۆتە زۆرترین پێویستی بۆ ڕیتم و میلۆدییەکان.

٣- توێژەران لەکاتی بەکارهێنانی کەلەپوورە موزیکییە میللیەکانی دەرەوەی ئەو ژینگەیەی کەبەرهەمیهێناوە پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ دڵنیابوون لەو دەق و تێکستە شیعرییانەی کە هەڵگری مانا و کێش و سەروای موزیکیین، هەروەها ڕێگریکردن لە مەترسی شێواندنیان.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە بە زمانی کوردی

- بکر، محمد، (٢٠٢٢-٢٠٢٣) کێـــــش و ســـــەروا، کۆلێجی پەروەردە / بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، کۆرسی یەکەم.

- سدیق بۆرەکەیی-سەفی زداە، (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- فرج، عثمان عبدالله، (٢٠١١)، رەهەندی مۆسیقی لە شیعرە کوردییەکانی (سافی)دا، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلێژی پەروەردە- زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر.

### سەرچاوە بە زمانی عەرەبی

- سالم ،إبراهيم ، (٢٠٠٥)، في العلاقة الجدلية بين الإنسان والموسيقى،مجلة القيثارة ،العددالثالث،دائرة الفنون الموسيقية،بغداد.

- صادق، ابراهيم صادق، (٢٠٠٧) مجله أنهار الأدبية، ص١١٢.

- كوبلاند-ارون، (١٩٦٢) كيف تتذوق الموسيقى، ترجمة محمد رشاد بدران، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، ط٢.

### سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی

- Castor, G. (1964). Pléiade poetics: A study in sixteenth-century thought and terminology. CUP Archive.
- De Jong,(2003) K. E. N. N. E. T. H., Local, J., Ogden, R., & Temple, R. Temporal constraints and characterising syllable structuring. Phonetic interpretation. Papers in laboratory phonology VI, 253-268.
- Luise Eitel Peake. (1980). "Song". The New Grove Dictionary of Music and Musicians, sixth edition, 20 vols., edited by Stanley Sadie, Vol. 17: 510–23

**الإلهام و والصدى اللحني والاداء الصوتي الطربي في أشعار صافي هيراني**

**سرود فؤاد محمد السراج**
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين –
أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق
surwd.mohammed@su.edu.krd

**أمانج غازي شاكر آغا**
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين –
أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق
amanj.shaker@su.edu.krd

**الملخص**

تهدف البحث وتعتمد وهي دراسة نوعية على المنهج الوصفي التحليلي. ويحلل البعد الفني الموسيقي المرتبط بمضمون أشعار الصافي من منظور موسيقي. مضمون البحث الإلهام و والصدى اللحني والاداء الصوتي الطربي في أشعار صافي هيراني هي قراءة تحليلية وفنية وموسيقية للأغاني والأعمال الفنية، وكذلك المواضيع الصوفية التي ترتكز نصوصها على أشعار صافي هيراني. وتتمثل مشكلة البحث في غموض المحيط ببعض جوانب الفن الموسيقي التي لها انعكاسات فنية في القصائد المختارة وتقدم دعما ملهما لصدى الالحان والاداء الصوتي و جمالية التطريب في محتوى النماذج المختارة، لتجد نفسها تحفة فنية وسط الأغاني والمقامات الموسيقية المختلفة. كذلك تهدف هذه الدراسة إلى الكشف عن مستوى العلاقة بين الأبعاد الفنية للموسيقى والصوت الادائي والأبعاد الأدبية كذلك في أشعار صافي هيراني. هذا المزيج الفني بين الشيعر والموسيقى،

وهو يقربنا من الهدف الفني لهذه الدراسة، في الكشف عن الجوانب الفنية الموسيقية الخفية في قصائد الصافي. يشمل نطاق البحث القصائد التي تم تحويلها إلى عروض موسيقية. وكانت نتيجة البحث التوصل إلى عدد من تفاصيل تحليل المحتوى اللحني والغنائي وتقديم معلومات علمية موسيقية عن أبعاد وطبيعة ومستوى العلاقات الفنية والموسيقية للإلهام الصوتي واللحني الممزوج بالتطريب الراقي الابداعي الفني في قصائد صافي هيراني.

**الكلمات المفتاحيية:**إلهام ،الصدى اللحني,الأداء الصوتي .

**Inspiration, Melodic Echo, and Singing Vocal Performance in Safi Hirani's Poetry**

**Surwd Fuwad Mohammed Sarraj**
Department of Music, College of Fine Arts,
Salahaddin University – Erbil, Erbil, Kurdistan
Region, Iraq
surwd.mohammed@su.edu.krd

**Amanj Ghazi Shaker Agha**
Department of Music, College of Fine Arts,
Salahaddin University – Erbil, Erbil, Kurdistan
Region, Iraq
amanj.shaker@su.edu.krd

**Abstract**

The research aims and is based on a qualitative study based on the descriptive and analytical method. The artistic and musical dimension associated with the content of Al-Safi's poetry is analyzed from a musical perspective. The content of the research Inspiration, melodic echo, and singing vocal performance in Safi Hirani's poetry is an analytical, artistic and musical reading of songs and works of art, as well as Sufi topics whose texts are based on the poetry of Safi Hirani. The problem of the research is represented by the ambiguity surrounding some aspects of musical art that have artistic reflections in the selected poems and provide inspiring support for the resonance of the melodies, vocal performance, and aesthetics of singing in the content of the selected models. To find itself a masterpiece among the different songs and musical compositions. This study also aims to reveal the level of relationship between the artistic dimensions of music, the performing voice, and the literary dimensions as well in Safi Hirani's poetry. This artistic mixture of poetry and music, it brings us closer to the artistic goal of this study, in revealing the hidden artistic and musical aspects in Al-Safi's poems. The scope of the research includes poems that were transformed into musical performances. The result of the research was to reach a number of details of the analysis of the melodic and lyrical content and to provide musical scientific information about the dimensions, nature, and level of the artistic and musical relationships of vocal and melodic inspiration mixed with sophisticated, creative, and artistic singing in Safi Hirani's poems.

**Keywords:** Inspiration, Melodic Echoe, Voice Performance.